سەرکی ڕەوتی نیشتمانی شیعە داوا لە لایەنگرانی دەکات کارتی دەنگدانیان نوێ بکەنەوە

موقتەدا سەدر ڕێبەری ڕەوتی نیشتمانی شیعەکان داوا لە لایەنگرانی دەکات، تۆماری دەنگدەران نوێ بکەنەوە.

موقتەدا سەدر سەبارەت بە پرسیارێك لەبارەی دیاریکردنی وادەیەك بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە ڕایگەیاندوە، باشترە تۆماری دەنگداران لەلایەن لایەنگرانیەوە نوێ بکرێتەوە، ئەگەر بەشداری پرسەی دەنگدان بکرێت یان بایکۆت.

موقتەدا سەدر تاوەکو ئێستا هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی نەداوە سەبارەت بەوەی، بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات یاخود نا کە بڕیارە لەکۆتایی ئەمساڵدا پرسەکە ئەنجامبدرێت.